# رۆمانی كۆدی داڤینشی .......قووتار بوون له دۆخی سكون

**زمناكۆ بورهان قانع**
zimnaco@hotmail.com



**ناونیشانی** رۆمانی كۆدی داڤینشی لەسەرەتاوە ئاماژەیەكە بۆ ووشەی ( كۆد ) بۆ قووتار بوونە لە دەسەڵاتێكی تۆكمەو پتەو بە ڕەنگرێژكردنی كۆمەڵێك دەلالات، ئەم ووشەی ( كۆد ) ە هەڵگری دەلالەتێكی پڕ لە ئیزدیواجیەتی دوو جەمسەرەیە كە لەلایەكەوە تەعبیر لە درێژكردنەوەی قازانجو سوودی تاكێك یان كۆمەڵێك دەكات بۆ مەعریفەی نەوەكانی دوا ڕۆژو لەلایەكی ترەوە دەربڕی بوونی تاكێك یان كۆمەڵێكە بۆ دژایەتی كردنی ئەو درێژبوونەوە مەعریفیەی ئەم كێشە كۆمەڵایەتی - رۆشنگەریەی كە رۆمانەكە دروستی كردووە.. ئەمەش چەند دەزگایەكی پەیوەندی بە دەست دەهێنێت كە جێگەی چەند دەزگایەكی مەئلوف دەگرێتەوە لەو ساتەوەختەی كە مەعریفە ڕوەو داهاتوو دەچێت لە ئەداتێكی پەیوەندی كۆنەوە ( وێنە ) ئەو مەعریفەیە مەنفەزێك بۆ خۆی دەستەبەر دەكات.

بەڵام لە ڕێ ی پەخشكردنی ڕەمزەوە لە نیگارەكانی گەورەترین هونەرمەند كە بایەخی بۆ توێژینەوەو زانستو داهێنانی تەكنەلۆژیەوە بووە ( لیۆناردۆ داڤینشی ) لە پێناو خۆ هەڵزنان بە حەقلی دینیو سیاسیو زانستو زمانو هونەر بۆ پتەوكردنی بینای گێڕانەوە لە ڕۆماندا.

لە سەرەتاكانی هونەری ڕۆمان نوسیندا ئەو هونەرە زۆر نزیك بووە لە نووسینەوەی مێژوو، كردەی گێڕانەوە (السرد ) هەیمەنەیەكی تەواوی هەبووە لەسەر هەردوو بواری نوسینی ڕۆمانو نوسینەوەی مێژوو، بەڵام هونەری ڕۆمان بە بەردەوامی سەرقاڵی ئەو بەشە قووڵو عەفەویو دۆستانەیەی ژیانی مرۆڤەكان بووە، ئەو بەشەی كە مەنهەجیەتی مێژوویی ناتوانێت لە خۆی بگرێت یاخود ئەو بەشەی كە گۆمە فەرمیەكانی كردەی مێژوویی و ئەو دەسەڵاتەی كە هەیەتی لە ( كۆمەڵایەتی و سیاسیو دینی ) بۆ كارلێك كردن لەگەڵ كردەیەكی ڕۆشنگەری لە پێناوی بە دیهێنانی ئەو خۆشباوەڕیەی كە لە مێژوویەكی خەفەكراوو دەمكوتكراودا هەیە بە لاّم لە ناوەرۆكی كردەیەكی هونەری دا كە ئەویش ڕۆمانە ...

هەیمەنەو خۆسەپاندنی مەفهومی ئیستاتیكا وەكو بەهایەكی بەرز حوكمی ئیشی هونەری دەكات هەروەكو چۆن لە ڕۆمانی ( كۆدی داڤینشی ) دا بەدی دەكرێت زیاد لە جارێك كارەكتەرەكانی نێو ئەم ڕۆمانە زۆر بە سەرسامیەوە  گرنگی بەم بایەخە ئیستاتیكیە ئەدەن كە لە ڕۆمانێكی تردا بەو جۆرە نیە، ئەو كەسانەی كە پەنا ئەبەن بۆ تێگەیشتن لەم بەرهەمانەو ڕێگری دەكەن لەبەردەم گرنگی ئەم جۆرە كارانەدا یان هانا دەبەن بۆ توێژینەوەیەكی مێژوویی كە كارێكی وا بكات ئەو ئیشە هونەریانە بكات بە توحفەیەكی داماڵراو لە ئەداتی پەیوەندی بە هەڵگری كۆمەڵە پەیامێك كە دەیەوێت بەسەر دەسەڵاتدا یاخی بێتو لە دۆخی سكون قووتاربێت، لێرەدا ئیستاتیكا تەریب ئەبێت بە پەیوەندی كردنەوە، ئەم پەیوەندیە كە بایەخێكی پۆست مۆدێرنەیە بە كۆمەڵێك موفرەدەی كەلەپوری- هونەری یەوە بە پێ ی میتۆدو مەنهەجیەتی تیۆرەكانی.

ئەم رۆمانە ڕێگایەکی تازەمان ئەداتێ بۆ کارلێککردن لەگەڵ ئیشی هونەری کە کۆمەڵێك هاوکێشەی هونەری بە دیاردەخات لەنێو سیاقی ڕۆشنگەریدا، رۆمانەکە هەڵدەستێت بە بەرگری کردن لەو مێژووە فەرمیەی کە کلێسا دەسەڵاتی خۆی سەپاندووە بە سەریدا تا ئەو رادەیەی کە دەیکاتە دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی- سیاسی لە دووبارە دارِشتنەوەی مەسیحیەتدا وەك دینێك کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو دەزگا ئایینیەی کە نوێنەرایەتی دەکات..

کۆدی داڤینشی هەستاوە بە ریشەکێش کردنی رەمزو کەلەپوورەکانی تر کە ئاینەکانی تر بە جێیان هێشتووە بە تایبەنی لەبارەی رەگەزی مێینەوە کە دەبێتە هۆی راپەڕینی ئافرەت لە تێگەیشتنی مەسیحیەت بۆ دینێکی نێرسالاری‌و سەپاندنی دەسەڵاتی پیاوان بەسەر دەزگا کەنیسەییەکاندا، بەڵکو حیوارەکانی نێو ئەم رۆمانە ئیشارەت ئەدات بە هەڵوێستی کلێساو مەسیحیەت لەمەڕ ئافرەت کە ئەمەش رێك دەقاو دەق لە هەڵوێستی دینەکانی تر دەچێت ئەوانەی  نزیکن لە مەسیحیەت.

ئەم رۆمانە چانسێکی ترمان ئەداتێ بۆ گەڕان بە نێو کلێساو دێرە پەسەنکراوەکانی مێژووی مەسیحیەت هەروەکو چۆن چانسی ئەوەمان ئەداتێ بۆ ناسینی گرنگترین مۆزەخانەی ئەو سەردەمە، بگرە فرسەتی ئەوە ئەدات بە خوێنەر کە خوێندنەوی هەبێت بۆ ئەو پەیوەندیە هەڵپەسێردراوەی نێوان دین‌و هونەرو ئەو کێشە خەفەکراوەی نێوان دەزگا مەزهەبیە گشتیەکان‌و قەناعەت‌و ڕاو بۆچوونی شەخسی هونەرمەند پاشان ئەو ئسلوبی سەردەی کە لە کێشمە کێشدان لە هەڵوێستی تاك‌و کۆمەڵ.

مەفهومی دین هەروەکو چۆن لە ڕۆمانەکەدا هاتووە تەنها چەند فیکرەو عەقیدە مەزهەبێك نیە، بەڵکو ئەو پێکەوەبەستن‌و قازانجانەیە کە دەبێتە گۆڕانی بەستەری ڕوحی بە بەستەرە کۆمەڵایەتی‌و ئابووریەکان کە کۆمەڵێك کێشمەکێش و رکابەرایەتی دروست دەکات بە ئامانجی سەپاندن‌و فەرزکردنی ئیرادە بەسەر جیهان‌و مێژووەکەی دا.

ئەم رۆمانە ئەو حەقیقەتە پیشان ئەدات کە پیرۆزکردنی ڕەگەزی مێ فیکرەیەکی پیاوسالاریە و مەسیحیەت دایناوە لە پێناو نەهێشتنی ڕەگەزی مێ لە بونیادی فیکری رۆحی دا بۆ هەموو جیهان، ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕەگەزی مێ رەگەزێکی سەرەکی بووە لە هەموو دینەکانی پێش مەسیحیەتدا، بەڵکو فیکری فەلسەفی یۆنانی سەیری جیهانی کردووە کە پێکهاتەیەکە لە چوار تەکوین (ئاو، هەوا، ئاگر، خۆڵ) بەڵام کاتێك کە مەسیحیەت هاتووە فیکری سێ تەکوینی داناوە (باوك، کوڕ، رۆحی پیرۆز) کە هەموویان تەکوینی نێرسالارین، ئەم عەمەلیەی نەهێشتنە تەنها بە شاردنەوە خۆ خلەفاندن نەبووە لە رەگەزی مێ، بەڵکو هەوڵی ناشرینکردنیشی داوە بۆ وەسفکردنی دژایەتی ئەو قودسیەتەی کە ئافرەت هەیبووە لە دینەکانی ترداو لە ڕێ ی خوێندنەوەی تێکستە پیرۆزەکانی ترەوە ئەتوانرێت نزیکترین کەس دابنرێت بۆ تەکوینە سێ کەسیەکەی دینی مەسیحیەت‌و بکرێت بە تەکوینی چواری کە ئەویش ئەهریمەنە، ئەهریمەن پەیوەندی نێوان خوداوەندو مرۆڤ (نێر)ی لە ڕێگەی ئافرەتەوە جێبەجێکردووە هەروەکو چۆن لە گێڕانەوەی ئایینە پیرۆزەکاندا هاتووە.

ئەوەی کە رۆمانی (کۆدی داڤینشی) بەرز ڕادەگرێت سەرکەوتنی نوسەرەکەیەتی (دان براون) لە جیاکردنەوەی ناوەرۆکی نوخبەیەکی پەیوەندار بە تەکنیکی گێڕانەوە کە دەبێتە هۆی تەشکیلکردنی بەرهەمی گێڕانەوەی دوای پۆست مۆدێرن کە پێدادەگرێت لە وەبەرهێنانی ئسلوبی تەشویق لە شوێنی ڕووداوی هەرە ئاڵۆزی ناو ڕۆمانەکەدا.

زەمەن هەیمەنەیەکی تری هەیە بۆ گێڕانەوەی ئەو نێرسالاریەی کەوا لە خوێنەر دەکات خۆی بەرهەمهێنەری ڕووداوەکان بێت.. لەماوەی خوێندنەوەی نزیکەی ئەو پێنج سەد لاپەڕەیەی ڕۆمانەکەدا (لە هەر زمانێکدا ژمارەی لاپەڕەکان دەگۆڕدرێت) خوێنەر هەست دەکات کە ئەوەی ڕوو دەدات هیچ نیە جگە لە تەواوکردنی ڕوویەکی تری ڕابردوو.. ئەهەمیەتی سەرەکی ئەم رۆمانە لەوەدایە کە لە تەعبیرکردنی دا بۆ رۆح ئەم قۆناغە شارستانیەی ئێستا لەخۆ دەگرێت کە تێیدا نوێگەری‌و ئسولیەتی فیکری بەشدارن لە دروستکردنی ژیاندا لە هەموو پنتەکانی ئەم جیهانەدا کە ئەم تەئویلە هان دەدات بۆ چاوخشاندنەوە بە تێگەیشتن لە شارستانیە کۆنەکان‌و تێکستی رەمزەکانی ئەو شارستانێتی یە.